# بەڵگەنامەیەکی سەردەمی ئەنفالە بەدناوەکان

بـــەکـــر شــــــــوانی
bschwani@hotmail. com

## دۆزینەوەی ئەم بەڵگەنامەیە:

لاوێکی خەڵکی دیاربەکر کە لە ساڵی ١٩٩٥ دا پێکەوە لە بروکسێل کارمان دەکرد و بۆخۆی نیشتەجێی وڵاتی سوید بوو، چەند جارێک دابووی بە بار گوێمدا کە هەندێ نامە و نوسینی بە کرمانجیی خواروو و بە پیتی عەرەبی لەلا هەیە، لێیان تێناگات و دەیەوێت بۆ منیان بهێنێ. هەرجارێک سەفەری دەکرد و دەهاتەوە، نامەکانی لەبیر دەکرد. جارێک هەروا لێم پرسی کە داخۆ ئەو نامانەی چۆن کەوتۆتە دەست! لەوەڵامدا وتی: هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بەسەردان چوومەوە بۆ دیاربەکر و لەوێ بەمەبەستی بەسەرکردنەوە چوومە ئۆردوگای پەنابەرە کوردەکانی خوارووی کوردستان کە لە کاتی کیمیاباران کردنی ناوچەکانی باشوردا پەنایان بۆ باکور هێنابوو. ئیتر من تێگەیشتم کە ئەو هاوکارەم دەبێ بەڵگەنامەیەکی گرنگی لەلا بێت. بەپەرۆشەوە چاوەڕێ بووم بەسەردان بگەڕێتەوە و نامەکانم بۆ بهێنێ. ماوەیەک دوای ئەو باس و خواسە هاوکارەکەم بۆ پشودان گەڕایەوە ماڵەوە، منیش لای خۆمەوە چەند جارێک لەسەر یەک تەلەفۆنم بۆ کرد و وازم لێ نەهێنا هەتا وتی؛ ئەوە نامەکانم خستە جانتاکەمەوە بۆ ئەوەی لە بیرم نەچن.

کاتێک گەڕایەوە و کاغەزەکانی خستە بەردەستم، سەیرم کرد ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە ڕاپۆرتێکی هەشت لاپەڕەیی کە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/١٢ لە لایەن دوو کەس لە پەنابەرانی کامپی دیاربەکر بەدەست نوسراوە، بەڵام دوای هەشت ساڵ و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ دا بەرێکەوت گەیشتە دەستی من. نوسەرانی ڕاپۆرت بەناوەکانیان و بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەیاندا دیارە کە خەڵکی دەڤەری بادینانن. ئەوان هەوڵیان داوە ڕاپۆرتەکەیان بە شێوەی کرمانجیی خواروو بنوسن، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوون. سکاڵایەکیش کە بە زمانی تورکی و لەسەر ئامێری داکتیلۆ نوسراوە، هاوپێچە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا. سکاڵاکە ئاڕاستەی پەرلەمانی سوید کراوە و تێیدا پەنابەران داوای مافی پەنابەری لەو وڵاتە دەکەن.

## گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە:

بێگومان ئەم بەڵگەنامەیە گرنگیەکی زۆری هەیە چ لەڕووی مێژوویی و چ لەڕووی هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ژیانی ناهەمواری ئەو کوردانەی لە ساڵی ١٩٨٨دا لەدەست ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و گازی کیمیایی ڕژێمی ڕووخاوی بەغداد هەڵاتن و ڕوویان لە بەشێکی تری خاکە داگیرکراوەکەیان کرد و بوون بە پەنابەر. نوسەرانی ڕاپۆرت خۆشیان پەنابەر بوون و بەزمانی پەنابەران هاتوونەتە گۆ، وشە و دەستەواژەکانیان هەڵقوڵاوی ناخیانە و ڕاستگۆییان لێ دەبارێت. ئەوان لەدەستی دڕندەیەک هەڵاتن و لەودیوی سنور کەوتنە زاری دڕندەیەکی ترەوە. دڵڕەقی و هەڵوێستی دوژمنکارانەی پۆلیس و ژەندرمەی تورکیش لەبەرامبەر پەنابەرانی باشووری، لەلای هەموان ئاشکرایە و لەبیر ناکرێت. ڕاپۆرتنوسانیش ڕووبەرێکی بەرفراوان لە ڕاپۆرتەکەیان بۆ دەربڕینی گلەیی و گازندە لەدەست بەرپرسانی تورک تەرخان کردووە. ئەم ڕاپۆرتە دەنگی کپکراوی گەلێکە کە لەو سەردەمەدا خوێن لە سەرتاپای جەستەی دەچۆڕا و لەم جیهانە بەرفراوانەشدا کەسێک و لایەنێک بەهانایەوە نەهاتن و لە ئازارەکانیان کەم نەکردەوە.

## پەیوەندی فەرمیی نێوان عێراق و تورکیا لە کاتی ئەنفالەکاندا:

لەسەرەتای مانگی ئاپرێلی ساڵی ١٩٨٨ دا، واتە تەنیا دوو هەفتە دوای کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و لە گەرمەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا، سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمەی تورکیا تورگوت ئوێزال بە (سەردانێکی دۆستانە) دەگاتە بەغداد. (ڕۆژنامەی هاوکاری_ژمارە ٩٦٣، ١٩٨٨/٤/٤) . ئەم سەردانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەکو ڕووداوێکی ئاسایی بۆ جەماوەر بڵاوکرایەوە، بەڵام لەو کاسێتانەی عەلی حەسەن مەجید دا کە لە کاتی ڕاپەڕیندا لە شاری کەرکوک کەوتنە بەردەستی جەماوەر، ناوبراو بە دەنگی خۆی بەم جۆرە باس لە سەردانەکە دەکات: (

ئاگادار بن و ببینن، ئەوە تورکیا لەنێوانماندا پەیماننامە هەیە. کاتێک تێکدەران ڕومان تێدەکەن، دەیانگرین و دەیاندەینەوە. کە تێکدەران بەرەو ئەوان هەڵدێن، دەیانگرن و دەمانەدنەوە. سەرۆک وەزیرانیان بەسەردانێکی پەلە هاتە بەغداد و وتی: تکامان وایە کە هەنگاو بە هەنگاو پەلاماری تێکدەران بدەن، چونکە نزیکەی سەد هەزار کەسێک ئاوارە دەبن و ڕوو لە ئێمە دەکەن. هەڵایەکی ڕاگەیاندنی بەرفراوان دروست دەبێت. ئەو کاتە ئێمە ناتوانین ئەو هەموو خەڵکە لەخۆ بگرین. بەڵام ئەگەر ئێوە هەنگاو بە هەنگاو ئەم کارە بکەن، ئەوا کەمتر ڕوو لە ئێمە دەکەن و ئێمەش دەیانگرین و هەموویانتان دەدەینەوە. پێم وت نامەوێ، لە نێوان ئێمە و ئەواندا دوو کیلۆمەتر بوار هەیە. ئێمە وشیارمان کردونەتەوە کە ئەگەر ئەم سنورە ببەزێنن، ئەوا ئێمەیش پێنج کیلۆمەتر دەکشێینەوە و بە چەکی تایبەتی"مەبەستی چەکی کیمیاییە" لێیان دەدەین.)

ڕاپۆرتنوسانیش ئاماژە بۆ ئەو گوشارانە دەکەن کە بەمەبەستی ناچار کردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق خراوەتە سەریان.

لێرەدا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەقاودەق وەکو خۆی بێ ئەوەی دەستکاری ڕێنوس و ڕێزمانی بکەم، دەخەمە بەرچاوی خوێنەران. کۆپیی ئۆرژینالی ڕاپۆرتەکەش لای خۆم دەپارێزم تا لە نزیکترین هەلدا ڕادەستی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەم.

---

## دەقی ڕاپۆرتەکە:

## ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ لسەر بارەکەمان هەر لە دەست پێ کردنی هێرشە مەزن و بەربلاوەکەی رژێمی بەعس بۆ سەر دەڤەرێت رزگارکری و هەتا ئێستا//-----

وا لە خوارەوە راپۆرتەکەمانە کە هەموو ڕووداوەکانی دەگرێت بە بەلگە و خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین بەرامبەر هەر شتێکی وەها نەبێت، هێڤیدارین سوود لێ بێتە وەرگرتن و بە پێی ناوەڕۆکی کار پێی بێتەکرنێ//ـــــ

لەدوای قەبوڵ کردنی ئێران بریاری ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان لە رۆژی ١٩٨٨/٧/١٨، رژێمی بەعسی فاشی عێراق دەست کرد بە سست کردنی لەشکری خۆی لە چەپەرەکانی جەنگ و کۆم کرنیان و ڕەوانەکریان بۆ سەر کوردستان، ئەوەبوو لە نێوان (١٨-٧-١٥-٨/١٩٨٩) توانی پتر لە (١٦٠) سەد و شێست هەزار سوپا و جاش کۆم بکەت و ڕەوانەکەت بۆ سەر دەڤەرێت رزگارکری لپارێزگەها دهۆکێ/نینوی بە پشتیوانی تازەترین چەکی لەشکری عێراقی زەوی و ئاسمانی، بەڵام بەم چەشنە هەر رازی نەبوو دەستی کرد بە بۆمباباران کردنی دێهاتەکانی ناوچەکانی رزگارکراو بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، لە بەیانی رۆژی ١٩٨٩/٨/٢٥ هێرشێکی مەزنی ئاسمانی هێنایە سەر دێهاتەکانی ناوچەکانی (دهۆک-زاخۆ-ئامێدی-. . . . . -ئاکرێ) و زۆرتر لە (٥٠) دێهاتەکانی کەوتونەتە بەر بۆمبێت کیمیاوی و ئەمانەن (١-یەک ماڵە ٢- مێرکاجیا ٣- بالوکا ٤- بابیرێ ٥- بەرچی ٦- هێسێ ٧- شێلازا ٨- باوەرکا کەڤری ٩- باوەرکا کەعبێ ١٠- گارەیا ١١- گیزێ ١٢- بلێتێ ١٣- وەرمیلێ ١٤- گەرەگۆهێ ١٥- کەلاشیمۆ ١٦- بانکا ١٧- ئەرزێ ١٨- تیکا ١٩- بەرکوێ ٢٠- بلێخانێ ٢١- بارهۆکێ ٢٢- زاوێتێ ٢٣- هارینا ٢٤- زرهەوا ٢٥- دوبانکێ ٢٦- ئەرمشتێ ٢٧- زیتاڤا ٢٨- گەلناسکێ ٢٩- دەرگەلاشێ ٣٠- سۆسیا ٣١- شکەفتێ ٣٢- بلباسا ٣٣- کانی مازێ ٣٤- گوندکێ رەمێ ٣٥- دێرکێ ٣٦- میسەلکا ٣٧- سوارێ ٣٨- ئەسپیندارێ ٣٩- مێزێ ٤٠- کانیا باسکا ٤١- ئاڤۆکێ ٤٢- پینارنیکێ ٤٣- گابێرکێ ٤٤- بانیێ ٤٥- چڤریکێ ٤٦- کەلینێ ٤٧- کافیا ٤٨- دەوروبەرێت گەلیێ شیێ ٤٩- ئاگایێ ٥٠- زێواشکان ٥١- زێوکێ ٥٢- سرنێ ٥٣- کانی سارکی. . . . . . . .)

بەڵام ئەمە جاری یەیکەم نینە میللەتەکەمان دەکەوتە بەر ئەم قەتڵ و عامە، لروژی ١٩٨٨/٣/١٦ دوژمنێ فاشی هەموو رق و کینەکەی خۆی هاویشتە سەر باژێرێ هەلەبجێ و بچەکێ کیمیاوی قەدەغەکراو بۆمباباران کرد و پتر لە (١١) یازدە هەزار شەهید و بریندار کەتون، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە هیچ سزایەک بۆ ئەم تاوانە نەهاتە وەرگرتن و بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە نەهاتین هەژمارتن انسان، داخوازی لە هەموو ڕێکخراوەکانی انسانی و شەخسیاتی باوەرپێکراوی مافی مرۆڤ بە ئەرکی پیروزی سەرشانی خۆیان هەڵسن و سزادانێت پێویست بێنەوەرگرتن ئێمەش

www.kurdistannet.org
10-6-2003 18:02

بێنە هەژمارتن انسان. بەم جۆرە دەتوانین بلێین قوربانیەکانی چەکی کیمیاوی ئەم دوایی یە پتر بوون لە (٥) هەزار پێکاو. ئینجا لە دوای لاشاوی چەکی کیمیاوی لە رۆژی ١٩٨٩/٨/٢٨ دوژمنی رەگەزپەرست دەستی کرد بە هێرشەکەی درندە و مەزن بەلاّم لە ئەنجام دا لەگەلّ شەهیدەکانی کیمیاوی ئەم دوایی یە پتر لە (١٣) سێزدە هەزار کەس شەهید بوون و زۆربەیان مندال و ژن و پیرەمێرد بوون و بۆ اسپات کردنی ئەمە مەجزەرەکانی (گەلیێ بازێ-شینێ-گەلیێ دهێ-گەلیێ نیێ-کوریمێ-همزا. . . .) باشترین شاهیدن و نێزیکێ (٢) دووهەزار لادێ لەسەرانسەرێ کوردستان هاتنە چۆل کرن و سوتاندن لگەل خاک راست کرن، هەروەها (٤٥) چل و پێنج هەزار هاتنەگرتن و ئێستا لە نەخۆشترین حالەتی ژیاندان لە ئوردیگاکانی (بحرکی. . . . پێت دەوروبەری) پاریزگای هەولێر/اربیل ئوو بێ بەش لە هەموو مەرجێت ژینێ سەرەرای ئەوەی کەتێنە ئەشکەنجەدان ژ لا رەشەکێت بەعسیا، جگە لەمە (١٢) هەزار پیاو هەر ژ تەمەنێ (١٥-٦٠) سالی چارەنووسیان وون بوویە.

لە بەر هۆیەکانی لەسەرەوە باسمان کردن، جەماوەری دەڤەرەکانی رزگارکراو ناچاربوو خۆیان بگەیەننە سەر سنوری تورکیا بە بێ ئەوەی کەل و پەلێکی خۆی لگەل خۆیدا بێنن بگرە هەر لە مەر و مالات و کەل و پەلی ناومال تەنها روح هاتوون و پێشی دەولەتی ترکیا دەرگاکانی سینوری خۆی گرتن بەلاّم دوای رۆژێک رێگەی کردەوە بۆ جەماوەر و هەمووی داخلی ناو خاکی ترکیا بوون لسەرانسەری سینورەکەی لگەل عێراق و نزیکی (٧٠) حەفتێ هەزار کەس بوون و هەر لەسەر سینورەوە (١٠-١٥) هەزار کەس چوونە ایران و ئەوانەی دی کە بۆ ماوەی (١٠) دەه رۆژ مابوون بەشکراو لەسەر گوندەکانی سینور و د ڤێ ماوەی دا دەولەت هیچ ئارزوقەی ئەوها نەدایێ کو بێتە باس کرن و پەنابەرەکان زۆر لاواز بوون و زۆربەیان شتی نووستن نەبوون و هەتا بریندارێت چەکێ کیمیاوی نەهاتنە دەرمان کردن. . . . . پاشان دەست کردن بە راگواستنی پەنابەرەکان گواستنەکەیانیش بە ئۆتۆمبیلەکانی بەردای بوون و هەر (٨٠-٩٠) کەس خستنە ناو یەک ئۆتۆمبیل لگەل کەل و پەلەکانی، هەندێکیان (٢٤) بیست و چوار سەعات رێگا مان و نەیان هێشتن کو بێتە دەر یان نان بخۆن و هەر ئۆتۆمبیلەکێ عەسکەرەک لگەل دا بوو. . . بەم جورە هاتنە دابەش کردن بەسەر ئەم ئۆردیگایانە ( ٢٥ هەزار بۆ دوو ئۆردوگا لە دەشتێ گەڤەرێ، ١٢ هەزار بۆ ئۆردیگای سلۆپیا، ٤٥٠٠ کەس بۆ ئۆردوگای ماردین و ١٣ هەزار بۆ ئۆردوگایێ دیاربەکر) ، لە هەموو ئۆردوگاکان کاتی دابەش کردنیان بەسەر چادرەکاندا هەر (٨-١٥) مرۆڤ خستنە ناو چادرێک و زۆربەی چادرە بچکۆلەکان (٢) دوو عائیلە تێدا بوون. لە هەموو ئۆردیگاکاندا دەرکەتن قەدەغە بوو هەر (١٠٠) مەتر یەک حەرەس هەبوو، یەکسەر هاوکاری خەلکی دەرەوە لێ برین و قەبول نەکردن. لە لایەکی ترەوە بۆ ماوەی (١٠-١٥) رۆژ لە ئۆردوگاکاندا دەولەت خواردن دابەش دەکرد و خواردنیان (سوبەیان نان و نیوەرویان شوربەی نیسک یا شوربەی وەکو ئاو تەنها سوربوو جارانیش شلەی زاڤار بوو، ئێوارەکانیش هەر وەکو نیوەرۆیان بوو) واتە یەک خواردن حازر دکر بۆ هەردوو دان، دابەش کردنیانیش لە یەک جێگابوو، مرۆڤ زیاتر لە (٣-٤) سەعەت لە سەر پێی خۆی رادەوەستا هەتا بتوانیت وەرگریت، براستی هاتنیە اعتبار کردن وەکو حەبس، هەروەها لای تەندروستی ئەویش خراپ بوو کادرانی تەندروستی کەم بوون و هیچ گرنگی بە ئێمەی نەدەدا و (٢-٣) رۆژ پێویست بوو نەخۆشەکە لە سەرادا راوەستێت هەتا بتوانێت بگاتە لای دکتۆر. . . . بەلاّم خەلک نەخۆشەکانی بە هەلگرتن دهێنان بۆ لای بزیشک و ئۆتۆمبیل بۆیان دەهاتن. ئەگەر ئەم باسی ئاو و توالیت و حمام بکەین براستی پر خراپ بوو زیاتر لە (٢-٣) سەعەت پێویست بوو لە سەرادا راوەستیا هەتا توانیبا دولکەکی ئاو بۆخۆی بێنیت، لەش شوردن هەرنەبوو.

بەم چەشنە دوای (١٠-١٥) رۆژ ئازوقە دابەش کردن هەر (١٥) رۆژێک جارەک ئەرزاق دەجا، بەلاّم بەش (١٠) رۆژ نەدەکردن و ئەوی پارە هەبووایە بۆخۆی دەکرین و ئەوی نەبوان هەر نان دەخوارد، هیچ جارەکیش میوە و سەبزە دابەش نەکردن بەم جۆرە پەنابەران زۆر پەریشان بوون.

لە کەمپی سلۆپیا لە کۆتای مانگی ئەیلول دا خۆپیشاندانەک چێ بوو لەسەر یەکێ کە زەلامی دەولەتی عێراق بوو و پەنابەرانیش قەبول نەکرد و بەم چەشنە خۆپیشاندان چێ بوو دەولەتیش بە ئاگر گوللەباران کردن و لە ئەنجامدا پیاوێک هاتە کوشتن و دووانی دیکە بریندار بوون، لە لایەکی ترەوە لە کامپی گەڤەریش دا خۆپیشاندانەک هاتە گرێدان لەبەرئەوەی کە پەنابەرێک گرتبوو زۆر ئەشکەنجە دابووبێ ی ئەگەر زۆر پالەپەستۆی پۆلیسی لەسەر بوو،

ناچار بوون ئەم خۆپیشاندانە بکەن، بەڵام بێ قازانج بوو چونکە هەموومان سروشتی رژێمی ترکیا دەزانین، لە ئەنجامدا (١٢) پ. م. گرتن و زۆر هاتنە ئەشکەنجەدان و رەوانەی حەبسی دیاربەکر کردن و زیاتر لە (٤٥) رۆژ د حەبس دا مان، هەروەها لە ئۆردیگای دیاربەکریشدا لە دوای مانگی ئەیلول دا خۆپیشاندانەک دروست بوو، لەبەر ئەوانەی گەراونەتەوە بۆ عێراق و پەنابەران دەیانەویست کو تەعبیری رەئی خۆیان بکەن بەرامبەر ئەوانەی دەچن بۆ عێراق بەڵام یەکسەر بە ئاگر گوللەباران کردن و لە ئەنجامدا (٥) پێنج کەس بریندار بوون و (٢) دوو لەوانە مندال بوون و تەمەنیان (١٠-١٢) ساڵان بوون و (٣) کەسیش گیران و زیاتر لە (٤٥) لە زیندان مان و هاتنە ئەشکەنجەدان، لە ئەنجامی ئەو هۆیانەی سەرەوە کە باسمان کردن دەولەت زۆر پالەپەستۆی خستە سەر پەنابەران بە نیازی ئەوەی کە ناچاربن خۆیان تەسلیمی عێراق بکەن، بەم جۆرە نزیکەی (٣٥٠) کەس خۆیان دایە دەستی دوژمن و زۆربەیانیش لە دیلەکانی ئێمە بوون، لەم ماوەیەدا لە نێوان مانگی (ت١، ت٢/١٩٨٨) پتر لە (١٥) هەزار کەس لە هەموو ئۆردیگاکان چوونە ئێران و دەولەتی ترکیا لە رێگەیەکی نارەسمیانە بردنە سەر سنوری ئێران، لەم ماوەیەی کە لە بن چادراندا بوون گەلەک لێ مردن بتایبەتی مندال لەبەرهۆی گەرم و بێ چارەسەری لە لایەن پزیشک و بەدخۆراکی. ئینجا ئەوانەی کە مابوون لە ئۆردیگای سلۆپیا گواستنەوە بۆ سەر ئۆردیگای ماردین و کامپی سلۆپیا هەلوەشاند و بەم جۆرە ژمارەیان بوونە (١٧) هەڤدە هەزار کەس. هەروەها ئەوانەی لە ئۆردیگاکانی گەڤەر مابوون کو (٩٥٠٠) کەس بوون بردنە هندەک ئاڤاهیا لە پارێزگای موشێ، ئەوانەی لە کامپی دیاربەکر بوون هێنانە بۆ هندەک ئاڤاهیا و هەر (٣٠-٣٥) خستن ناو یەک دائیرە کە پێک هاتبوون لە دوو ژووری بچووک و هۆلێک کە هەر جێگەی نووستن تێدا نەبوو، هەبوون (٢) دووعائیلە لە ژوورێکدا یان لە هۆلێک دان، ئەویش ژمارەیان (١٣) سێزدە هەزار کەس بوون. بارودۆخی ئەوانەی لە موش نزیک بوون هەروەک ئەوانەی دیاربەکر بوون و بێت ماردینێ هەتا ئێستا لەژێر چادرادانن، لە هەرسێ کامپ دا وەزعیان وەک یەکە دەوروبەریان سیمەیە و هەر دووراتیا (١٠٠) م حەرەسێکی عەسکەری هەیە و دەرکەوتن قەدەغەیە. ئەوانەی کە دەچن بۆ شار ئەبێ بە وەرەقەی ئیزن بچن بۆ نمونە لە ئۆردیگای دیاربەکر رۆژێ (٣٠٠) سێ سەد کەس ئیزن پێ ئەدەن کامپی موش (٨٠) هەشتی کەس و یا ماردین (٦٠) کەس و پێویستە ئەوانە بەشەو بگەرێنەوە بۆ ناو کامپ. . . . دەولەتی ترکیا خوێندنا بەلاڤۆکێت کوردی و باندێت بزمانێ کوردی بن لمە قەدەغە کراون، لە لایەکی ترەوە قوتابخانە نین و گەلێک جار هەولمان داوە کە قوتابخانە بکەینەوە بۆ منداڵان بەڵام دەولەتی تورکیا بۆ ئێمە قەدەغە کراون و نەیان هێشت کو بکەینەوە ووتیان زمانی کوردی قەدەغەیە لەسەر خاکی ترکیا. تاکو ئێستاش دەولەتی ترکیا هەر بەردەوامە لەسەر دارشتنی رق و کینەی خۆی بە سەری پەنابەراندا لە لای پۆلیس و عەسکەرەکانی ترکیا، بۆ روون کردنەوە تا ئێستا زیاتر لە (٦٠) شێست حالەتی لێدانی پیاوان ژنان پەیدا بووە لە لایەن پۆلیس و عەسکەرەکانی دەولەت و بە رەنگێکی زۆر بێشەرمانە، هەروەکو کۆمەلە حەیوانێک تەسەروف لگەل ئێمەی ئەکەن، هەروەها تا ئێستا (١٠) دەهـ مندال هاتنە کوشتن بە هۆی لێدانی ئۆتۆمبیلەکان و سێ لەوانە دەیانویست کە لەژێر سیمەیدا دەرباز ببن و عەسکەری حەرەس دیتن و بە پێی باز دا و ژ ترسا رێگا نەدیت و یەکسەر خۆ هاویشتنە ژێر ئۆتۆمبیل. لەهەیڤا گولانێ /١٩٨٩ کۆمەلێکی رۆژنامەگەری ئەورووپی چوونە بۆ ناو ئۆردیگای دیاربەکر، هاورێکانمان بە زمانی ئینگلیزی لگەلیان خەبەردان و باسی وەزعی ناخۆشی کەمپ کرد، دوای دەرچوونی ئەو کۆمەلە رۆژنامەگەرانە یەکسەر ئەمنیەتی ترکیا بانگی کرد بۆ دائرەکەی و بە رەنگێکی زۆر ناشیرین ئەشکەنجەدان پێی ووتن نابێت بە هیچ شێوەیەک ئێوە نەخۆشی خۆیان بکەن. . نمونەیەکی تر لە دوای مانگی ئاداری /١٩٨٩ لە ئۆردیگای دیاربەکر دەولەتی ترکیا هەندێک لە دار و دەستەکانی تەکلیف کردن بۆ لێدانی هەڤالانی بەرپرسیارمان و لە ئەنجامدا هەڤال (اکرم) کەوتە بەرلێدان و ئەمنیەتی دەولەت ووتی بۆخۆتان باش بزانن هەر رۆژێک نۆرەی یەکێکتانە و پێنج کەس گرتن بە هۆی ئەوی ووتیان ئێوە نارازای خۆتان دەربریوە بەرامبەر بەم کریارە ناشیرینەکەیان و مانگێک مان د ناو زیندان دان سەرەرای ئەشکەنجەیەکی زۆر، جگە لەم نمونانەی سەرەوە کە باسمان کردن زۆر نموونەی وەهای هەن و بەم جۆرە لە دوای مانگی نیسانی/ ١٩٨٩ بە پێی عەفوی دووەمی سەدامی خوێن رێژ نزیکی (٥٠٠) کەس لە هەرسێ ئۆردیگاکان چوونە ناو دوژمن و خۆیان تەسلیمی رژێمی عێراق کردن و تا ئێستا چارەنوسیان دیار نی یە و

www.kurdistannet.org
10-6-2003 18:02

نەخشەی دەولەتی ترکیا ئەوەیە پەنابەران هەر یەک بۆ لایەکی بچیت و بە رەنگێکی رەسمیانە هیچ رێگا ناداتە خەلک و دەیانەوێت کێشەی ئێمە وون بکەن و ئیتر پرس لێ نەکرێت. . .

هەروەکو روونمان کردووە وەزعی هەرسێ کەمپان ناخۆشە و بتایبەتی کامپی ماردین و لە دوایی دا باس دەکەین، بەلام بۆ زیاتر روون کردنەوە، دەمانەوێت باسی ئەرزاقی هەرسێ کەمپ بکەین، هەروەکو پێشان باسمان کردن هەر ( ١٥) رۆژ جارێک ئەرزاق دابەش دەکەن و بەش (١٠) رۆژ ناکەت لەبەر ئەوەی خەلک مەجبور دبیت بۆخۆی بکرێت ئەوی پارە هەبن ئەوەی نەبن تەنها نان دەخۆن ( بۆ هەر ٣٠-٣٥) نفوس ٢٠ بیست کیلۆ برنج، ٢٠ بیست کیلۆ شەکر، یەک کیلۆ چای، ٤ کیلۆ رژدە، ٤ کیلۆ تەماتە، هەر ٢٤ سەعات بۆ هەر کەسێک یەک سەمون، ٤ کیلۆ گۆشت، ١٦ کیلۆ روون، بۆ (١٥) رۆژ، بە تەئکیدی بەش (١٠) رۆژیش ناکەت. . .

لەسەر وەزعی ئاو و کارەبای ئۆردیگاکان ( ئۆردیگای مێردین ئاوی زۆر کەمە لەسەر دبیت سەرا و پتر لە (٣) ژنان دەمینن لناو سەرەیەدا هەتا بتوانن ئامانەکانی پر ئاو بکەن و گەلێک جاریش هەر نایەت هەروەها ئاودەست و حمام ژیک بە سەرایە) .

هەروەها بارودۆخی ئۆردیگای مێردین نەک تەنیا لە لای ئاو و کارەباوە خرابە بەلکو لەگەلەک لایانەوە خرابە، لە فەسلی زستاندا کە لەژێر چادردا بوون سەرما و سۆلەی ئەم زستانەی چووی زۆر پەریشان کردبوون کەرەسەی گەرم کردنەوە ژیک زۆر کەم بوون و لە کاتی رەشەبادا لە فەسلی زستاندا پتر لە (٣٠) ستونێک کارەبای ئێخستن خوار و بۆ ماوی (١٠) رۆژا پتر ماون بۆ کارەبا جگە لەوەش کاتی دیکەش هەبوون کە هەندێ جار هەتا (١٥) پازدە رۆژیش هەر باران بوو بەلام لە وەرزی هاویندا کە رەشەبا دێت ئەوها دبێتە تەپوتوز وەک کەس کەس نابینیت هەر جارێک زیاتر لە (١٠) چادر دشکینیت. براستی گەرمایەکی ئەوهایە کە کەس تحمل ناکرێت و لەبەر گەرمای هاوین لە دوای مانگی حزیرانی/١٩٨٩ قەنینەیەکی غاز لەبەر گەرما لەناو چادرێک تەقیا و کە مالی (عبداللە بازی) بوو لە ئەنجامدا منداڵێک مرد کە تەمەنی پێنج سالْ بوو چوار کەسێت دی بە سەختی بریندارببوون لەوانە خێزانی عەبدالله و دوو کور و کچێک تا ئێستاش چارەیان نەبوویە نەخۆشخانەش زۆر گرنگی پێی نادات. . .

هەروەها لە ئۆردیگای دیاربەکردا تەنیا رۆژی (٢) سەعات ئاو دێت جارانیش هەیە هەر نایەت و دەولەت بە تانکەریش ئاو نایەنێت و خەلک مەحتەل دبیت، لە لایەکی ترەوە بۆ ماوەی (٣) مانگ لەسەر یەک کارەبا لە ئۆردیگاکە نەبوو دەولەتیش هەول نەدان کە کارەباکە دروستی بکەن و کەرەستەی گەرم کردنیش نەبوون، تەنیا یەک زۆپەی کومر هەبوو لە هەر ودائیرەیەکدا ئەویش لە هۆلدا بوو ئەوانەی لە ژووردابوون هیچ گەرما نەبوون، هەتا سوپەی ناو هۆلەکەش ئەوەندە کومر دابەش نەدەکرد کە پیاو بتوانێت هەل کەت و هەر هەفتەیەک (٣-٤) جار سوپە دهاتە هەلکرن و زیاتر کومرەکە (رەژوی بەرد) بەش نەدەکرد. . .

نموونەیەک دیار دکەین ئەم زستانە کە کارەباکە برابوو پەنابەران چوونە لای دائرەی کارەبای کامپەکە بۆ دروست کردنی کارەباکە، موچەخۆرانی دائرەی کارەباکە پێ یان گووت پۆلیس بە ئێمەی گوتووە کە کارەباکە دروست نەکەین تاکو وەزعیان ناخۆش بێت و وەکو شەرێکی نەفسی لگەلمان دکردن، تەئکید دەکەینەوە کە ترکیا ئێمە حساب ناکەت انسان تاکو ئێمەش مافی انسانی هەبیت. . .

بەلام وەزعی کەمپی موش ئەویش هەروەکو ئەوانی دیکەیە لەوێ دا دەولەت زۆر نەخۆشی بۆی پەیدا ئەکات و زیاتر هەول دەدات کە خەلکی ناو کەمپ دوبەرەکی لە ناودا پەیدا بکەت هەندێکیان بکاتە دوژمنی هەندێکی تر. موش جێگەیەکی زۆر ساردە بە زستان و کەرەسەی گەرم کردن زۆر کەم بوون لەبەر ئەوەی لەلای سەرما زۆر پەریشان ببون و ئاویانیش کەمە و هەندێ جاریش هەر نایەت و جارانیش هەیە بۆ ماوەی (١٠) دەه رۆژ زیاتر کارەباکە دەبرێت هەر گرنگی بە دروست کردنی نادەن.

بەم جۆرە هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد لەبەر نەخۆشی و سەرمای زستان و گەرمای هاوین و بەدخۆراکی و نەبوونی کادرانی تەندروستی پەنابەرەکان زۆر مردوون و بتایبەتی منداڵان کە تحملی ئەم هۆیانەی سەرەوە باسمان کردن ناکەن بۆ نموونە تاکو ئێستا لە کامپی ماردین (٣٠٠) سێ سەد کەس مردوون و لە هی دیاربەکر (٢٦٠) کەس و لە هی موش زیاتر لە (٢٠٠) کەس مردوون.

بەڵام لە هەموویان هی دێگەی سەرسورمان ئەوەیە هەر لە دەمی کە هاتین ناو ترکیا و هەتا ئێستاش لەگەڵەک جێگەدا خەڵکی کوردستانی ترکیا ویستویانە کە هاوکاری لگەل ئێمەدا بکەن دەوڵەت نەخۆشی بۆیان چێ دکر و هەندێکیان کە ویستویانە بیکەن هاتنەگیران و هەندێکی تریان هاتوونەتە ئەشکەنجەدان لەلایەن پۆلیسەکانی ترکیا بۆ نموونە لە مانگی تشرینی یەکەمی/١٩٨٨ هاووڵاتیەکی خەڵکی دیاربەکر ویستی هەندێک پێلاو تبرع بکات بۆ پەنابەرانی کامپی دیاربەکر یەکسەر خاوەنی پێلاو گرت و پێلاوەکانیش مسادەرە کرن و زۆر ئەشکەنجەدان. لە لایەکی ترەوە ئەگەر پەنابەرێک بیەوێت بچێت لای براددەرێک لە شارانی نزیکی کامپەکان یەکسەر دەوڵەت ئەو کەسە داوا دەکات بۆ دائرەی پۆلیسی خۆیان استجوابی ئەکەن و هەتا ئێستاش گلالێک خەلک هەنە کە هاتوونەتە ئەشکەنجەدان هەر لەبەر ئەوەی کە ویستویە لگەل ئێمە خەبەر بدەن. بەڵام بۆ پتر دیارکردنی رەگەزپەرستی ترکیا لەم دوایانەدا لەم دویانەدا پتر لە (٢٠٠) دووسەد هەزار کەس لە بلغاریا هاتن و پەنایان هێنایە ناو ترکیا، کە ترکیا ئەوانە بە نەتەوەی خۆی حساب ئەکەن یەکسە جێگە بۆ پەیدا کردن و کەل و پەلی ماڵ و شتومەکی خواردن بۆیان تەئمین کردن و لەسەرانسەری ترکیا ئاگادار کراون لەسەر نوێژی هەینی بانگ بکەن بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری پارە بۆیان و لە لایەکی ترەوە بە رەسمی هەموو دام و دەزگە و دائرەکانی خۆی ئاگەهدار کردن کە پێویستە هاوکاری بۆ پەنابەرانی بلغاریە تورکەکان بێتە کۆکرن و هەر موچەخۆرێک سەری مانگ هەندێک لە موچەی بریوە و بۆیان کۆکردنەوە و هەتا هەتا ئێستاش مانگ و نیوێکە کە هاتبن زیاتر لە (٣٠) سی هەزار کەس خستنە ئیش و ئازاد کراون، لێرەدا جیاوازی زۆر دیار دەبێت و رەگەزپەرستی ترکیا ژێک دیار دەبێت کەچی ئۆردیگاکانمان وەکو حەبس و زیندان و انسان بە زەحمەت تحملی ئەو وەزعە دەکات. . . لە لایەکی ترەوە ترکیا بانگی هەموو رێکخراوەکانی دەوڵەتی و انسانی کردووە کە هاوکاری بۆ بکەن (مەبەستیان بولگارەکانە-ب. شوانی) و لە مافیان بپرسن و یەکسەر قەبوول کراون (لاجیء سیاسی) بەڵام تاکو ئێستاش چارەنوسی ئێمە دیار نیە لە ئۆردیگاکانی ترکیا و هیچ رێگە نەدایە نە رێکخراوی مافی مرۆڤ و نە رێکخراوی خاچی سوری دەوڵەتان کە وەکو مافێکی ئێمە سەرپەرشتی ئێمە بکات یان لە ترکیا بێتە وەرگرتن (لاجیء سیاسی) و دەوڵەتی ترکیا دەیانەوێت مەسەلەی ئێمە بزر بکات و ئەم خەلکە مەجبور بکەن کە هەرکەسێک بۆخۆی بەلایەکەوە بچێت و کەس لەلای کەس نەمینیت، لەبەر ئەم هویانەی سەرەوە وە بە تایبەتی چارەنوسی نەدیار و تەئمین نەبوونی ژیان، لەم دواییدا زیاتر لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد کەس دەوڵەت برەنگەکی نارەسمیانە تەسلیمی سینوری ایران کردن و براستی کریارەکا دوور بوو لە یاسای وەرگرتنی لاجیء لە یاساکانی سینور، هەروەها پێش (٢٠) بیست رۆژ دەبێت فرنسا (٣٥٠) سێ سەد و پێنجی کەس قەبول کردن، جگە لەوەش خەلک بێزار بوویە هەندێک کەس بۆخۆی سەیری رێگا دەکەن کە لەم زیندانانە دەرکەون چونکە جێگەی مەترسیە مانیان لەناو ئەم کەمپانەدا بۆ سەلماندنی ئەمە مەزنترین تاوان کە دەرهەقی ئێمەی ئەنجام دان و سەرانسەری دونیا پێی دەزانێت ئەوە بوو کە لە ئێوارەی رۆژی (١٩٨٩/٦/٨) نانی ژەهرکراو دابەش کرد بەسەلا پەنابەرانی ناو کەمپی (ماردین) و ئەوەی ئەو نانە خواردی نەخۆش کەت هەتا رۆژا (١٩٨٩/٦/١٠) زیاتر لە (٤) چوار هەزار کەس پێ نەخۆش کەوتن و لە نیشانەکانی نەخۆشەکان (رشانەوە و اسهال و لاواز بوون و سەرئێشە و لەش وەرمین و سەروچاویان وەرمتن و ئاوی زەرد لێ دەهات نێزیکی (١٥) پێ ئیفلیج بوونە) بۆ ئەم تاوانە مەزنە یەکسەر دەوڵەتی ترکیا رێگا لە رۆژنامەگەر و سەردانکەرێت کەمپێ گرت و نەیانهێشت کەس لێی دەربکەوێت دەرەوە و هەتا نەخۆشیش نەگواستنەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شاری ماردین، ئەم تاوانە ئەوەندە مەزنە هاتە ئەنجام دان و دەوڵەتی ترکیا هەول دا کە ئەم شتە بشێرێتەوە و هەر وەکو شتێک رووی نەدابێت و بدژواری حکومەت ئەم شتە انکاری کرد، بەڵام (٤) چوار هەزار نەخۆش شاهیدی ئەم تاوانە مەزنەنە ئەمەژیک دەڵێین ئەگەر درۆیە لەبەرچی رێ نەدایە رۆژنامەگەر و سەرادانکەرا کو بچن ناو کەمپ و وەزعیان ببینن، لەبەرچی نەبردن نەخۆشخانەکانی شار، لەبەرچی نەیهێشت کە نانی ببەین تحلیل بکەین، ئەو دکتۆرەی ئەم شتە گوتبایە یەکسەر دەیگرت و ئەشکەنجە ئەدان، ئەم دەڵێن کە ئەو کریارە رژێمی فاشی نەخشەدانەرێتی بەڵام دەوڵەتی ترکیاش لێی بێ بەهر نینە چونکە نەسزادانی ئەو کەسانە و انکارکردنی و داخستنی دەرگاکانی کەمپ باشترین شاهیدن.

لێرەدا راپۆرتەکەمان بە کۆتای هات ئومێدمانە کە بدروستی بێتە بڵاوکردن و قازانج لێ ی بێتە وەرگرتن و دووبارە تەئکیدی دەکەین کە هەر شتێکی ئێمە دیاری کردیە هەمووی راستن و جێگەی داخە پێویست بوو ئێمە بە کامیرا وێنەی هەموو رووداوەکانمان گرتبا باشترین بەلگە بوو، بەلێ کامیرا نەبوو هیوادارین ئاخافتنی ئێمە لەلای هەوە جێگەی باوەریتان بێت و دووبارە هیوای دیارکردنی حەقیقەت دکەین و سوپاس.

ئیمزا
س. ئا/دیاربەکر
٩٨٩/٨/١٢

ئیمزا
ح. چ/دیاربەکر
٩٨٩/٨/١٢

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت